ژمارە : ۱/ ۲/
ڕێکەوت : / / ۲۰۲ز
ڕێکەوت: / / ۲۷ك

No:
Date:

## ئاگاداری کەم کردنەوە ژمارە ( 3 )

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بە مەبەستی بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ پرۆژەی ( دروست کردنی هۆڵی کۆنفرانس لە سەرۆکایەتی زانکۆ هەولێری پزیشکی )، کە نرخی کڕینی تەندەر ( 100,000 ) سەد هەزار دیناری عێراقیە و ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، وە کرێ بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی چوار شەممە بەرواری ( 2022/8/10 ) دەست پێدەکات و ڕۆژی یەك شەممە بەرواری ( 2022/8/21 ) دوایین ڕۆژە بۆ فرۆشتنی تەندەر.

* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ڕۆژی چوار شەممە بەرواری ( 2022/8/24 ) تاوەکو کاتژمێر ( 10 ) بەیانی دەبێت.

**مەرجەکانی بەشداری کردن:**

1. پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
2. پێشکەش کردنی پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت .
3. ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لە هەر پلەیەکی پۆلێنکردن دا بێت وە پسپۆر بێت و شارەزایی هەبێت لە بواری دیزاین و دروستکردنی بینایە بە بەڵگەنامەی فەرمی پسپۆریان بسەلمێنن وە پێناسەی ( یەکێتی بەڵێندەرایەتی کوردستان ) یان پێ بێت.
4. پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن هەڵسن بە ئامادەکردنی Curriculum vitae ( CV ) ی کۆمپانیاکە کە تیایدا ناوی کۆمپانیا و ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە ئەنجامی داوە و ئەو شوێنەی کە پرۆژەکەی تێدا ئەنجامداوە.
5. ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لە لایەن ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە ).
6. ماوەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە ( 180 ) سێ سەد و هەشتا ڕۆژی تەقویمیە.
7. سزای دواکەوتنی ڕۆژانە لە کارەکە بریتی یە لە ( 109,000 ) سەد و نۆ هەزار دیناری عێراقی.
8. دەبێت کۆمپانیا پابەند بێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر ( التعهد الخطي ) لەگەڵ زانکۆکەمان.
9. ماوەی چاککردنەوە ( مدة الصيانة ) ( 1 ) یەك ساڵە لە بەرواری وەرگرتنی سەرەتایی کارەکە جێگیر دەکرێت.
10. سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نیە بە کەمترین نرخ.
11. سەرۆکایەتی زانکۆکەمان هیچ تحفظێك قبوڵ ناکات.
12. بەڵێندەر یان کۆمپانیا بۆی هەیە ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەریان دیاری بکەن بۆ ئەم مەبەستە.
13. سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.
14. ماوەی بە سەر چوونی تەندەر ( 90 ) نەوەد ڕۆژی تەقویمیە لە بەرواری گەڕاندنەوەی تەندەر.
15. هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت وصندوقی تەندەر دادەخرێت.
16. گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت، ولەناو زەرفێکی داخراو کە ناو و مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کەمگریەکە.

شالاو صباح مجید
ب. کاروباری یاسایی